# باشتر وایە !

هونراوەی : تەیب جەبار

باشتر وایە !
دەست بکەین ..
بە هاڕینی تاریکی .
ئاردەکەی بکەین بە پەین ..
بۆ چیمەنی ئەستێرە .
دەست بکەین ..
بە ڕنینی قژی مانگ .
هەگبەیەکی لێ بچنین ..
بۆ سەفەری ڕێی کاکێشان .
پڕی بکەین لە کولێرە .
دەست بکەین ..
بە شێلانی هەویری ڕەچەڵەك .
بەڵکو سەرەداوێك دەدۆزینەوە ،
بۆ مێژووی ڕاستەقینەی ..
خەڵکی ئێرە .
باشتر وایە !
ئەم پرۆژانە تەواو بکەین :
پرۆژەی شەقامی ..
( ئاوڕدانەوە بۆ پێشەوە ) .
پرۆژەی باڵەخانەی ..
( شاخی قوول ) .
پرۆژەی پردی ..
( پەڕینەوەی ڕاوەستان ) .
پرۆژەی بەنداوی ..
( دەریاچەی قۆقز ) .
پرۆژەی کارگەی ..
( کۆکردنەوەی وردە با ) .
باشتر وایە !
بچینە پێشەوە :
بۆ ڕێگرتن لە هاتنەوەی ..
پەنابەرانی دۆزەخ .
بۆ ڕێکخستنی ..
سەرەی تەماشای گیاندان .
بۆ هەڵکەندنی ..
سەنگەری خۆشاردنەوە .
بۆ وێنەگرتنی ..
بەزم و ئاهەنگی دۆڕان .
باشتر وایە !
بگەڕینەوە :
بۆ شێوە زاری کانی ،
تاکو سەر لە پاکانەی گۆڕانی
ڕوبار دەربکەین .
بۆ بنەتۆی متمانە ،
تاکو نهێنی دابەشبوون ..
ئاشکرا بکەین .

مایس /٢٠١١

* لە ژمارە (١٥)ی ، پاشکۆی ( ئاسۆی ئەدەب ) ڕۆژی ٢٠١١/٦/٢٨ بڵاوکراوەتەوە .